# دەستوری بێ مافیو ئیلحاقو هەڵواردن

## رەخنەیەك لە "رەشنوسی دەستوری هەرێم"

**نووسینی: رێبوار ئەحمەد و فاتیحی شێخ**

-٢-

## دەستوور و میژوو (١)

### ١- خانووە رملینەی قەراخ چۆم؟!

جاری پیشوو بە کورتی باسمان لەوە کرد کە دانانی دەستور بۆ هەریمی کوردستان بە مەوقیعیەتی سیاسی ئیستایەوە، پرۆژەیەکی فاشیلە و بە سەرەنجام ناگات، رەوتی رووداوەکان هەر لەم دوو هەفتەیەدا ئەمەیان سەلماند. بۆیە پیش ئەوەی بچینە سەر باسی ئەمجارەمان کە رەخنەیەکە لە خویندنەوەی دیباجەی دەستوور بۆ میژوو، هەر لەم روانگەیەوە چاویك بە رووداوە تازەکاندا دەخشینین چونکە دەتوانی یارمەتیمان بدا بۆ تیگەیشتن لەو میژووە کە مەوزووعی باسەکەمانە. مەبەستیکی سەرەکی ئەم رەخنەیەش دەرخستنی ئەو راستیەیە کە ئەم پرۆژەی دەستورە پیی لەسەر ئەرزی واقیع نیە و خانووی سەر رملە.

پرۆژەی دەستوری هەریم پرۆژەیەکی فاشیلە، چونکە دەسەڵاتی هەریم وەك بنەمای سیاسی و مادی ئەو بینا قانوونیە کە پیی دەڵین دەستوور، خۆی زیاتر لە ١٥ ساڵە بە مانای واقیعی هەلواسراو و بێ سەقامە. لەم ساڵانەی دوایییشدا، وەك هەڵەیەکی زۆر گەورە و گران، خراوەتە ناو گیژاویکەوە کە بەهۆی شەر و داگیرکاری ئەمەریکاوە سەرتاپای کۆمەڵگای عیراقی داگرتووە و ئاسۆیەکیش بۆ دامەزراندنەوەی بەدی ناکریت. ئەمە جگە لە ناوەرۆکی رەشنووسی دەستوور کە تا سەر مۆخ کۆنەپەرستانەیە و دژایەتی تەواوی هەیە لەگەڵ ئاستی واقیعی پیشکەوتنی کۆمەڵگا و لەگەڵ سەرجەم ماف و داخواز و ئارەزوو چاوەروانیەکانی خەڵکی کوردستان.

"پرۆژەی دەستور" لە یەکەم گەڵاڵەی ساڵی ١٩٩٢ەوە تا ئیستا، وەك خانووە رملینەیەکی قەراخ چۆم بووە، هەر شەپۆلیکی سیاسی کە هاتوە لایەکی لی داروخاندوە و لەگەڵ خۆی بردوویەتی. ناچار هەموو جاریك "قانوونزانان"ی راسپیردراو سەرلەنوێ هەولیان داوە بە رملی تازە چواردیوارەکەی بۆ ساغ بکەنەوە تا دواتر ئەویش بە شەپۆلیکی تر بە ئاودا بدریت. لەم دواییانەدا پرۆسەکە بە حیساب خەریك بوو لە مەنزلگەی "ریفراندۆم" نزیك دەبوەوە، بەڵام شەپۆلی ترسناك لە لای ئەمەریکا و غەربەوە هەستا و لە ئەجوای دەسەڵاتی هەریمدا هەست بە نادڵنیایی و ناموڕتاحی و بێ ئاسۆیی سیاسی کرا، بۆیە ریفراندۆمەکە بەبێ هیچ روونکردنەوەیەك پینج مانگ دوا خرا!

ئیستا شەپۆلی راپۆرتی بەیکر- هەمیلتن وای کردوە کە رملی ژیر خانووە رملینەکە هەست بە لیژ بوونی جێ پێ و داخزانیکی پرمەترسی دەکات. چونکە راسپاردەکانی ئەو راپۆرتە ئەگەر لە لایەن دەوڵەتی ئەمەریکاوە کاری پێ بکرێ، دەتوانێ بناوانی خەونە زەرد و سوورەکانی "فیدرالیزم" لە هەریم و بنەماکانی لە دەستووری "عیراقی فیدراڵ" و لە داهاتی نەوتی هەریم و مادەی ١٤٠ و زۆر شتی تر یەکسەر بە ئاودا بدا، کە دەسەڵاتدارانی هەریم تا ئیستا بە دەسکەوتی خۆیان لە قەڵەمیان داوە و شانازییان پیوە کردوە. راگەیاندنی سەرۆکی هەریمی کوردستان لەسەر ئەو راپۆرتە (٢٠٠٦/١٢/٧) مەوقیعیەتی سیاسی هەلواسراو و ناسەقامگیر هەریم زۆر بە راشکاوی دەردەخات. لەم راگەیاندنەدا گلەیی کراوە کە سەرکردایەتی دەسەڵاتی کوردستان لە لایەن گرووپی تەحقیقی بەیکر- هەمیلتنەوە بانگ نەکراون و گوێ بە نامە و سکاڵاکانیشیان نەدراوە و بە کورتیو بە کوردی ئیهمال کراون!!

هەر لە سەرەتاوە ئاشکرابوو کە سیاسەتی لکاندنەوەی هەریمی کوردستان بە دەسەڵاتی بەغداوە، سیاسەتیکی چەوتو شکست خواردوە و ئەو دوو حیزبەش لیی بەرپرسن. بەدیاری کراوی حیزبی ئیمە لە کۆنگرەی دووەمی خۆیدا زۆر بە رۆشنی پێی لەسەر ئەمە داگرت. راگەیاندنی سەرۆکی هەریم بەلگەی رەسمی و روونی دانپیدانانی باڵاترین ئاستی دەسەڵاتی هەریمە بە شکستی سیاسەتی ئیلحاق. ئەمە بیگومان بەلگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لە ناکۆکی ستراتیج و سیاسەتی دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵك و پیویستە لە ئەرشیفی میژووی کوردستان و بزووتنەوەی کوردایەتیدا وەك دەیان و سەدان بەلگەی تر تۆمار بکرێ و رابگیرێ. لە هەمانکاتدا ئەمە بەلگەیەکی تازەیە لەسەر دروستی سیاسەت و بۆچوونی ئیمە کۆمۆنیستەکان لە پەیوند بە دیفاعی روون و هەمیشەییمان لە مافە رەوا و ئازادیخوازانەکانی خەڵکی کوردستان (١).

ئەم دەردی بێ دەرمانی بێ سەقامیە کە نزیك بە ١٥ ساڵە بەربینی بە پرۆژەی دەستور گرتوە و بەری نادات، رەنگدانەوەی تەناقوزاتی واقیعی بزووتنەوەی کوردایەتی و دەسەڵاتی سیاسی دوو حیزبی سەرەکی ناسیونالیستی کوردستانی عیراقە لە میانەی گریدراوی بە میلیتاریزمی ئەمپریالیستی ئەمریکا لە ناوچەکە و ئیئتیلاف لەگەڵ هیزە کۆنەپەرستە ئیسلامی و قەومیەکان لە ساحەی خویناوی عیراقدا. مەوقیعیەتی سیاسی و جیۆپۆلیتیکی بزووتنەوەی کوردایەتی و دوو حیزبە سەرەکیەکەی، وەك نوینەری سیاسی بەشیکی کەمدەسەڵاتتری بورژوازی ناوچەکە، وای کردوە کە بۆ سەپاندنی دەسەڵات بە سەر خەڵکدا بەردەوام لە قڵشتی نیوان بەشەکانی دەسەڵاتدارتر، بەتایبەت دەوڵەتە گەورەکان و دەوڵەتانی ناوچەکەدا ئەمبەر و ئەوبەر دەکەن. دەیان ساڵە ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتی ئەم شیوەکارەیان کردوەتە پیشەی خۆیان و سوننەتی سیاسی و حیزبییان لەسەر بینا کردوە و پیوانەی هەڵسەنگاندنی رابەران و سیاسەتمەداران و کەسایەتیەکانی کوردایەتی، ئاستی مەهارەتیانە لە "دیپلۆماسی" بەم مانا بچووك و بەرتەسکە. بەم جۆرە لە فەرهەنگی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتیدا "قیادەی حەکیم" و "رابەرانی لیوەشاوە" و "سەرکردە لیزانەکانمان" بە پێی ئەم نەریتە بە کەسانیك دەگوتری کە شارەزای ئەم مەیدانە بن، نەوەك چلۆن چاو لە خواست و تەوەقوعاتی خەڵك و لە ریکخستن و هینانە مەیدانی هیزیان دەکەن بۆ وەدیهینانی ئامانجەکانیان و بۆ چارەسەر کردنی کیشەی کورد. بەپیچەوانەوە نەریتیکی هەمیشەیی ئەم رابەرایەتیە ئەوە بوە کە گوێ نەداتە خواست و تەوەقوعاتی خەڵك، هەتا بۆی بکرێ بەسەر بیانگیرێ، چەواشەیان بکا و راستیەکانیان ئاوەژوو پێ نیشان بدا. ئیستاش کە وادیارە گولۆڵەی ئەم سیاسەتانەیان کەوتۆتە لیژی، لە ژیر فشاری نارەزایی رۆژلەرۆژ زیاتری خەڵکدا ناچارن دان بە بەشیك لە شکستەکانیاندا بنین و ئەم ناچارییەش بە "شەفافیەت" لە قەڵەم دەدەن.

هینانی ئەم چەند برگەیە پیویست بوو تا وەك پاڵپشتیکی زیندووی ئەمرۆژی، سەرنجی خوینەری پێ رابکیشین بۆ ئەو رەخنەیە کە لە خویندنەوەی "دیباجە"ی رەشنووسی دەستوور بۆ میژووی بزووتنەوەی کوردایەتی دەیگرین.

### ٢- خویندنەوەی دیباجەی دەستوور بۆ میژوو

لە بواری زانستی میژوودا ئەم راستیە کەم تا زۆر سەلمیندراوە کە هەر میژوونووسیك، هەر لایەن و کەس و کەسایەتیەك کە دەس بۆ میژوو دریژ دەکا لە روانگەی قازانج و بەرژەوەندی ئەو کاتەی خۆی و ئەو بزووتنەوە چینایەتی - کۆمەڵایەتیە کە تیدایە یاخود نوینەرایەتی دەکا، فاکتەکان هەڵدەبژیری و لە پەنا یەك دایاندەنێ و ئەنجامیان لیوەردەگرێ. نووسەرانی "دیباجە"ش وایان کردوە و ئیمەش وا دەکەین. مانای ئەمە ناکاتە نائۆبجیکتیڤ بوونی میژوو یاخود میژوونووسان بەگشتی، میژوو ئۆبجیکتیڤە و میژوونووسیش دەتوانی بە شیوەیەکی ئۆبجیکتیڤ بیگیریتەوە. بەڵام لە واقیعدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە جیاجیا و دژبەیەکەکان تەسویر و تەفسیری جیاواز لە رەوتی میژوو و لە مەنتیقی میژوو بەدەستەوە دەدەن، بە گویرەی ئەوە کە چەندە قازانج و بەرژەوەندی واقیعیان لەگەڵ حەرەکەی ئۆبژیکتیڤی میژوو بیتەوە، بەو رادەیە توانای ئەوەیان هەیە کە ئۆبژیکتیڤ بوونی میژوو لە خویندنەوەکانی خۆیاندا عەکس بکەنەوە. ئەمە هەم رەنگدانەوەی ململانێی چینایەتی بەردەوامە لە میژووی تا ئیستاکەی کۆمەڵگای بەشەریدا، هەم خۆی بەشیکە لەو ململانێ چینایەتیە.

با بە چاویکی رخنەگرانەوە بروانینە خویندنەوەی نووسەرانی "دیباجە"ی رەشنووسی دەستوور لە میژووی سەد ساڵی رابردووی دونیا و لە جێ و رێی بزووتنەوەی کوردایەتی لەم سەد ساڵە و لە ئیستادا.

### "قوربانی بەرژەوەندە نیودەوڵەتیەکان"؟!

دیباجە دەڵی "پیشتریش بووین بە قوربانی بەرژەوەندە نیودەوڵەتیەکان" و کۆمەڵیك رووداو لە پاش شەری جیهانی یەکەمەوە تا ئیستا بە نموونە دینیتەوە. بەرژەوەندی "نیودەوڵەتی"ش وەکوو "کۆمەڵگای نیودەوڵەتی" ناوی درۆینەی دیاردەیەکە کە لە راستیدا بەرژەوەندی دەوڵەتە ئەمپریالیستەکانە، بەڵام لە سەردەمی پاش شەری جیهانی یەکەمەوە بە پیکهینانی "عصبە الامم" و دواتر پاش شەری جیهانی دووهەم بە "نەتەوە یەکگرتووەکان" دەوڵەتە ئەمپریالیستەکان توانیان بەرژەوەندەکان و سیاسەتەکانی خۆیان لە ریگای ئەو ریکخراوە نیودەوڵەتیانەوە وەك "بەرژەوەندە نیودەوڵەتیەکان" لە قەڵەم بدەن و بە هیزی خۆیان بەڵام بە پەسەندی ئەو ریکخراوانە بە زۆر بەسەر خەڵکی دونیادا بسەپینن. دیباجە بە ئەنقەست نایەوێ دان بەو راستیە میژووییەدا بنێ کە چارەنووسی سیاسی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانی عوسمانی و دواتر عیراق (کە لیرەدا مەوزووعی باسە) لە سەردەمی پاش شەری جیهانی یەکەمەوە تا ئیستا بووەتە قوربانی بەرژەوەندی دەوڵەتە ئەمپریالیستەکان و بەتایبەتیش هەر دوو دەوڵەتی ئەمەریکا و ئینگلیز، چونکە:

یەکەم، بە دریژایی ئەم میژووی هەشتا نەوەد ساڵە، هەمیشە سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی کەم تا زۆر گریدراوی سیاسەتی دەوڵەتە ئەمپریالیستەکان بەتایبەت ئەمەریکا و ئینگلیز بوە و کەم تا زۆر بەرپرس بوە لەوەدا کە بەرژەوەند و چارەنووسی سیاسی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان بووەتە قوربانی بەرژەوەندی ئەم دەوڵەتانە. لە سەردەمی پاش شەری جیهانی یەکەم و بزووتنەوەی ژیر سەرکردایەتی شیخ مەحموودەوە تا سەردەمی پاش شەری جیهانی دووهەم و کۆماری مهاباد، تا سەردەمی پاش رووخانی رژیمی پاشایەتی لە عیراق و بزووتنەوەی ژیر سەرکردایەتی پارتی و هەرە سی ١٩٧٥ و هتد.

دووهەم، ئیستاش سەرکردایەتی سیاسی هەر دوو حیزبە سەرەکیەکەی بزووتنەوەی کوردایەتی، زیاتر لە هەموو سەردەمیکی پیشووتر سیاسەتی خۆیان بە سیاسەتی ئەمپریالیستی ئەمەریکا و ئینگلیز و بە میلیتاریزمی بوش و بلیرەوە گرێ داوە. بۆ نموونە ئەگەر لە سەردەمی پاش شەری جیهانی یەکەمدا ناوی "موشیر" بەدناو بوو بەهۆی ئەوەوە کە لە نیوان بزووتنەوەی کوردایەتی سەردەمی خۆی و ئەمپریالیزمی ئینگلیزدا پالی بە سیاسەتی ئەمپریالیستی ئینگلیزەوە دابوو و لە میژوودا وەك کەسیکی بەرپرس لە شکستی ئەو سەردەمە ناسراوە، ئیستا سەرجەم بزووتنەوەی کوردایەتی و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی پالیان داوە بە سیاسەتی ئەمپریالیستی ئەمەریکا و ئینگلیزەوە، بۆیە هیچیش لەوە تەبیعی تر نیە کە وەك بەرپرسی هەر شکستیك بناسرین کە لەم سەردەمەدا بەسەر خەڵکی کوردستاندا بتلیتەوە و جاریکی تریش بەرژەوەند و چارەنووسی سیاسیان بکا بە قوربانی بەرژەوەندی ئەمپریالیستی ئەمەریکا و ئینگلیز.

جیاوازیەکی گرنگی میژوو لەگەڵ قسەلۆکی چایخانەکان لەوەدایە کە مەنتیقی میژوو بۆ بەشەر قابیلی ناسین و لی تیگەیشتن و دەرس لی وەرگرتنە. دیباجەی رەشنووسی دەستوور لە ریکەوتننامەکانی سیڤر و لۆزانەوە هەتا ریکەوتننامەکەی ١٩٧٥ی جەزائیر و دواتر، پیدادێ بەبێ ئەوەی بە تاقە وشەیەك گەردیك لە داوینی ئەمەریکا و ئینگلیز و کیسینجیر و شای ئیران و سەرکردایەتی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتی بنیشینێ. لیرەدا پرسیاریك دیتە گۆر کە ئەگەر ئیستاش دیسان بوش و بلیر و گرووپی بەیکر- هەمیلتن و کیسینجیری خانەنشین (کە هیشتاش راویژکاری سەرەکی بوشە) کەم تا زۆر داستانی سیڤر و لۆزان و جەزائیریان بەسەر هاوپەیمانەکانیان لە "سەرکردایەتی سیاسی کورد" هینایەوە و خەڵکی کوردستانیان کردەوە بە قوربانی بەرژەوەندەکانی خۆیان، ئایا بە پیی فۆرموولەی دیباجە جاریکی تر "بووین بە قوربانی بەرژەوەندە نیودەوڵەتیەکان" و هیچ گەردیك لە داوینی "سەرکردایەتی سیاسی کورد" و تەحالوفی هاوپەیمانیان نانیشێ؟

وەڵامی واقیعی بەم پرسیارە لە سەرکردایەتی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتی و دەسەڵاتی هەریم چاوەروان ناکرێ، بەڵام لە خەڵکی کوردستان چاوەروان دەکرێ کە نەیانەوێ چی دی بیانکەنەوە بە قوربانی و تەبعەن نەیانەوێ چی دی چارەنووسی سیاسی خۆیان بەو بزووتنەوەیە و ئەو "سەرکردایەتیە سیاسی"ە بسپیرن کە بە پیی هەموو دەرسەکانی میژووی هەشتا نەوەد ساڵە و هەتا ئیستاش بەرپرس بوون لە بە قوربانی کردنیاندا.

### دیباجەو گرفتی ئیلحاق

دیباجە دادو بیدادیکی لە رادەبەدەر دەکات بەرامبەر بە بەزۆرلکاندنی کوردستانی عیراقی ئیستا بە دەوڵەتی "عیراقی عەرەبیەوە"، بە توندی جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە "نەخشەکانی سەدەی شازدەهەمو بیستەمی ئەورووپاییەکان ئەو کتیبو نەخشانەی میژوونوسو جوگرافیناسە عەرەبەکان بەدرۆدەخەنەوە کە کوردستانی عیراق بەشیك بیت لە عیراقی عەرەبی...." سەرئەنجام دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بلی "لەبەر هەندی بەرژەوەندی نیودەوڵەتی، کوردستانیان بە عیراقی عەرەبیەوە لکان" خوینەر کاتیك ئەم بەشانە لە دیباجە دەخوینیتەوە، بە پێی مەنتق چاوەروانی ئەوەیە کە دیباجە کاردانەوەیەکی توند لەبەرامبەر ئەم لکاندنە نیشانبدات و بگات بەو ئەنجامەی کە لەو دەرفەتەی بۆ کوردستان پیکهاتووە، بە یەکجاری ئیلحاق رەت بکاتەوەو پیداگری لەسەر سەربەخۆیی کوردستان بکات. بەڵام هەروەکو لە بەشەکانی پیشوتردا نیشانمانداوە نابێ ئەم مەنتقە لە پسپۆرانی ئەم بەلگەنامەیەو سیاسەتمەدارانی بزووتنەوەی کوردایەتی چاوەروان بکریت.

چ شتیك لەوە سەیرو سەمەرەترە کە دوای ئەم دیرانە دووبارە دیباجە بە کۆمەڵیك پاساوی پروپوچ، دەبیتە پیشەکی بۆ دەستوری ئیلحاق کردنەوەی "کوردستانی باشور بە عیراقی عەرەبیەوە"، ئەمەش لە کاتیکدا روودەدات کە ئەم "کوردستانی باشورە" ١٥ ساڵە لە جەرگەی هەلومەرجیکی جیهانیدا بە شیوەی عەمەلیو دۆفاکتۆ لە دەوڵەتی مەرکەزی عیراق دابراوەو تا رادەیەکی زۆر جیایە. بەڵام لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە هەر ئەو ئیلحاقەی لە میژوودا وەکو زولمیکی گەورە لە خەڵکی کوردستان دەگیرنەوەو بە مانای پیشیلکردنی زەقو رەقی مافەکانی ئەم خەڵکە هەڵیدەسەنگینن، ئەمجارە بەپێی بەرژەوەندی کۆنەپەرستانەی خۆیان، بە گونجاوترین و دڵخوازترین ریگاچارەو دەسکەوتیکی میژوویی زۆرگەورە لە



قەڵەمی دەدەن بۆ خەڵکی کوردستان، کەوایە گلەییو بیدادی ناسیونالیزمی کوردو پسپۆرانی ئەم دەستورە، چیە کە لە میژووی بکەن. بەرژەوەندیە نیودەوڵەتیەکان هەر ئەو کارەی کردوە کە ئیستا بەرژەوەندیە لیکگریدراوەکانی ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکاو ئینگلیز، خەریکە بە جۆریکی تر دوپاتی دەکاتەوە.

### دیباجە و میژووی "دەوڵەتی عیراق!"

دیباجە لە میژووی "دەوڵەتی عیراق"، هەر میژووی دەستوورەکانی خویندوەتەوە و میژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی راستەقینەی "دەوڵەت"ی ناوەندی عیراقی یەکسەر ئیهمال کردوە. دیباجە پاراگرافیکی دریژی پر کردوە لە ژمارەی ساڵەکانی دەستوورە جۆربەجۆرەکانی عیراق لە ١٩٢٥ەوە تا ١٩٥٨ ، ١٩٦٤ ، ١٩٧٠، ١٩٩٠ و ... بەبێ ئەوەی کاریکی ئەوتۆی بە ناوەرۆکیان بێ! بۆچی؟ چونکە ئیستاش لە "دەوڵەت"ی ناوەندی عیراق هەر تەنیا دەیەوێ لایەنی مەربووت بە دەستوورەکەی ٢٠٠٥ پێ نیشانی خەڵکی کوردستان بدا و باقی لایەنەکانی بشاریتەوە. دەیەوێ لە خەڵکی بشاریتەوە کە ئەوەی ئیستا لە بەغدا پیی دەڵیی "دەوڵەت"، فری بە دەوڵەتەوە نیە تا "دەستوور"ەکەی فری بە دەستوورەوە هەبێ.

میژووی "دەوڵەتی عیراق" لە دیباجەدا بە پیچەوانەی راستی میژووە. لە هەشتا ساڵی رابردوودا هیچکات "دەوڵەتی عیراق" بە مانای واقیعی نەبوە بە دەوڵەت. بەو مانایە کە هیچکام لە بەشە جۆربەجۆرەکانی چینی دەسەڵاتدار (لە دەرەبەگایەتی و لە بورژوازی) کە لە بەغدا حکوومەتیان بەدەستەوە گرتوە، نەیانتوانیوە سیستەمیکی سیاسی مەدەنی وەها دابریژن کە لە سایەی ئەو سیستەمەدا زۆربەی دانیشتوانی لە شیمالەوە بۆ جنووب، لە عەرەب زمانەوە تا کورد زمان و تورکمانی زمان و باقی تر، لە موسولمان و ناموسولمان و شیعە و سوننە و هاوڵاتی سەر بە ئایینی ترەوە تا هاوڵاتیانی بێ دین، هەست بکەن کە بە واقیعی و بەبێ جیاوازیەکی زەقی قانوونی خۆیان بە "هاوڵاتی عیراقی" دەزانن. ئەم مەسەلەیە بەتایبەت بۆ دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان زۆر بە زەقی دیار بوە و هەر ئەوەش سەرچاوەی میژوویەکی دوور و دریژ لە شەر و کیشە بوە کە بە شیوەیەکی میژووکرد و ریشەدار بوەتە هۆی قەوارە گرتنی کیشەیەکی سیاسی و چەکدارانە بە ناوی "کیشەی کورد" لە عیراق، کیشەیەك کە دەقیقەن بە هۆی کۆمەڵیك "بەرژەوەند"ی بورژوا- ئەمپریالیستی ئاڵۆزکاو و لیکئاڵاوی ناوچەکە و ناوخۆی عیراقەوە، هیچکات چارەسەری سیاسی عادیلانە و گونجاوی بەخۆیەوە نەدیوە و تا ئەمرۆش هەروا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

جگە لە کیشەی کورد زۆر گرفتی تریش لەوەدا کاریگەری بوە کە عیراق نەبوەتە خاوەن دەوڵەتیکی سەقامگیر و هەمیشە نیمچە دەوڵەتی یەك لە دوا یەکی گۆریوە بەبێ ئەوەی رۆژیك لە رۆژان هیچکام لەو نیمچە دەوڵەتانە توانیبیتیان دەسەڵاتی سیاسی و مەدەنی و قانوونی خۆیان بێ قرە و شەر و هەرا بەسەر زۆربەی دانیشتوانیدا زاڵ بکا. بەم مانایە تەنانەت دەکرێ بوترێ کە عیراق هیچکات وڵاتیکی یەکپارچەی لی ساغ نەبوەتەوە.

شەر و داگیرکاری ئەمەریکا و ئینگلیز و هاوپەیمانانیان لە ماوەی نزیك بە چوار ساڵی رابردوودا ئەم کاراکتەرە میژووییەی عیراقی بە شیوەیەك بە باری بێ دەوڵەت بوون و دوورکەوتنەوە لە بوون بە وڵاتیکی یەکپارچەدا تاو داوە کە هەر چاودیریکی ئاسایی بێ ئەوەی پیویستی بە زەرەبین بێ زۆر بە روونی دەتوانێ بیبینێ. بەڵام نوسەرانی دیباجە دەبی خۆیان وەڵام بدەنەوە کە بۆچی ئەم راستیە زەقو بەرجەستەیەیان نەبینیوە. چارەسەر کردنی ئەم وەزعە لە عیراق نامومکین نیە، بەڵام بۆ ساغ بوونەوەی عیراق بە قەوارەی وڵاتیکی یەکپارچە، وا پێ دەچێ کە ئەم چوار خاڵە مسۆگەر بێ:

یەکەم پیویستە هیزە داگیرکارەکانی ئەمەریکا و ئینگلیز و هاوپەیمانانیان لە عیراق بچنەدەر.

دووهەم سیستەمیکی سیاسی مەدەنی غەیرە دینی و غەیرە قەومی بتوانێ خۆی سەقامگیر بکا کە دانیشتوانی وڵات بتوانن لەسەر بنەمای قانوونی "هاوڵاتی بوون" ( civil citizenship) خۆیانی تیدا ببیننەوە، نەك هیچ ئینتیمایەکی دینی یان قەومی و...

سیهەم ئەم پرۆسەیە پێ ناچێ زوو بەدەستەوە بدا. یانی ئەگەر بشکرێ ماوەی پێ دەوێ و هەلومەرجی زۆر لەبارتری جیهانی پێ دەوێ لەوەی کە ئیستا هەیە.

چوارەم بە حوکمی دریژە کیشانی ئەم پرۆسەیە، بە حوکمی ئەوە کە هەریمی کوردستان ماوەی ١٥ ساڵیشە بە دۆفاکتۆ لە عیراق جیایە و بە حوکمی ئەوە کە پیشووتریش لە هیچ سەردەمیکدا ناوچە کوردنشینەکان بە تەواوی و تەنانەت بە نیوەتەواویش لە "وڵاتی عیراق"دا ئینتیگرە (ئیندیماج) نەبوون، بە واقیعی زۆر وا نایەتە بەرچاو کە ناوچە کوردنشینەکان ببن بە بەشیك لە عیراقی داهاتوو بەڵکوو زۆرتر وا پیشبینی دەکریت کە چ لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و چ بە تەبەع لە باری سیاسیەوە بە ئاقاری دوورکەوتنەوەی زیاتر و تەنانەت جیابوونەوەی تەواودا برۆن. دوارۆژی جیابوونەوە رۆژلەرۆژ روونتر وەك دوارۆژیکی موحتەمەل بۆ کوردستان دیتە بەرچاو، تەنانەت بەدەر لەوەی ئەحزاب چ دەڵین و ئیمە چ دەڵیین و چیمان بێ خۆش و چیمان پێ ناخۆش دەبێ. ئەمەش هۆیەکی جیددی و واقیعیە بۆ ئەوەی جاریکی تر ئەم حوکمە دووپات بکەینەوە کە دانانی دەستور بۆ هەریمی کوردستان بە مەوقیعیەتی سیاسی ئیستایەوە، پرۆژەیەکی فاشیلە.

- لە بەشی داهاتووی ئەم باسەدا مەوزووعی دەستوور و میژوو دریژە پێ دەدەین و تەرکیز لەسەر دیباجە و میژووی دوای ساڵی ١٩٩١دەکەین.

(دریژەی دەبێ)

---

(١) لەم بارەیەوە بروانە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دووەمی حیزب بە تایبەتی بەڵگەنامەی (دەعواننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بەرامبەر: ١٠ ساڵ حاکمیەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد) کە لە بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەری ژمارە ٥٣ی رۆژی ١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە.